# خۆكوشتنێك لە ئێوارەيەكى ديمەشق دا !!

مرۆڤێكى مەلوول ... ووردوخاش ... بێزار ... تەنها ... نائومێد ... بێهوودە ...سەرخۆش...توورِە لەخودا... لە ئێوارەيەكى وولآتى شام دا ئارەزووى خۆكوشتن دەكات..




**زمناكۆ بورهان قانع**

**سوريا ــ ديمەشق**

**zimnaco@hotmail.com**

دیمەشق ...

تۆ گەلێک جوانیت

شەقامەکانت ڕازاوەتر

کیژۆڵەکانت ناسکۆڵە تر

شارێکی کش‌و مات‌و غەمبار دیاریت

باخچەکانت قەشەنگەو

مرۆڤەکانت وەک من حەزین

ئێوارانت سەر ڕێژە لە بێدەنگی‌و

شەوەکانت جەنجاڵ‌و پڕ جووڵەن

دیمەشق ...

لە هەموو کوچەیەکی تۆدا

پەناهەندەو مرۆڤی سەر لێشێواوی وەک من هەیە

دیمەشق ... تۆ پڕیت لە ڕەنگی جیاواز

لە خەڵکانی ووڵاتی تر

ڕەنگێک ... خەڵکێک ... بێزارو ووردوخاش وەک من

ڕەنگێک ... خەڵکێک ... وەک ئەهریمەنی لە خودا گیر بوو

وەک کەسێکی کەنەفت بوو

دیمەشق ...

منێکی تەنهاو بێ پەنا

کەس شک نابەم ڕازی دڵی خۆمی بۆ باس بکەم... تۆ نەبێت

ئەی شارەکەی مەولانا... ئەی بووکە سورەکەی شەوانی غوربەت‌و تەنهایی

ئەی لە من غەمبارو مەلوولتر

ئاخر ئازیزم دیمەشق ... من لە ووڵاتی خۆشم دا غەریبم‌و

هەمیشە تفی لێ دەکەم

**هەمیشە نەعلەتی دەکەم و**

**هەمیشە نەفرەتی لێ دەکەم**

**ئاخر ئازیزم دیمەشق ... کەسێک شک نابەم ئەم تەنهاییەم بگرێتە خۆی**

**سوێندت ئەدەم**

**تو قەشەنگی شەقامەکانت**

**تو جەنجاڵی شـەوەکـانت**

**تو شۆخو شەنگی کیژۆڵەکانت**

**دەرگایەکی خۆتم بۆ بکەرەوە**

**با بێمە ناوتەوە بۆ ئەبەد**

**مشتێک لە خاکی خۆتم پێ ببەخشە**

**بۆ قەبرێکی لاتەریکو چەپەک**

**بۆ من ... دیمەشق**

**دیمەشق ... تازە تەواو**

**تازە تەواو**

**من نامەوێت کەس بناسمو**

**ئاوێزانی هیچ شۆخێک بم**

**من بێزارم لەم ژیانە لاسارەی خۆم**

**چوون دەمەوێت لەم شەوە تاریکو نوتەکەدا**

**کە هەر خۆم دەزانم چەندە تەنهامو**

**کە هەر خۆم دەزانم چەندە نائومێدو بێهوودەم**

**دەڕوانمە رۆژە سەخیفەکانی تەمەنم لە کوردستان**

**لە ووڵاتێکی لەخۆم سەخیفو بێ ماناتر**

**لە خۆم ڕسواو وێرانەتر**

**هەر خۆم دەزانم لەم شەوە تاریکە دا**

خۆکوشتن چ مانایەک بە بوونم ئەدات

هەر لەبەر ئەوە دەمەوێت ... کەڤاڵێک ساز بدەم بۆ فەنا بوون

وەک پێم گووتی

دەرگایەکم بۆ بکەوە ... با بێمە ناوتەوە بۆ ئەبەد

ئێستا   کە لە بێهۆشی دا غەرقم

چاوم هەڵاوساو

لاشەم ساردوسڕ و

قاچەکانم توانای هەڵگرتنی ئەم جەستە ڕزیوەی خۆمیان نەماوە

دە  لێم گەڕی با سڕ ببم

دە  لێم گەڕی تا ئارەزووی ئەم خۆکوشتنە لە کەللەی داوم

با چاوم هەڵاوساو ترو

لاشەم ساردو سڕترو

جەستەم ڕزیو تر دەرکەوێت

تۆش لەسەر بەڵێنەکەی خۆت بە ... ئەی دیمەشق

ئەی بووکە سوورەکەی شەوانی غوربەت

مشتێک لە خاکی خۆتم پێ ببەخشە

بۆ گۆڕێکی لاتەریک‌و چەپەک

بۆ من

ئەی دیمەشق ... لەسەر بەڵێنەکەی خۆت بە

لەسەر بەڵێنەکەی خۆت بە

تەنها مشتێک لە خاکی خۆت

تەنها مشتێک هیچی تر نـــا..